بێـــســـــتـــــوون، باسی ئەو بەرهەڵستکارییانە دەکات کە ماوەی دووساڵ و حەوت مانگی خایاندووە تا توانیـــــویەتی خــــەڵکانی نارازی ســــەرکـــوتبکات. ئەو دەڵێ: "لەسـەرکـوتکردنی بابل دا ٤٥ هەزار کەسمان کوشت و بە دیلمان گرت". لە شوێنەکانی دیکەش، هەروا بێبەزەییانە خـــوێنییـــان ڕشت، دیارە بە تۆڵەی یارمـەتیدانی بەردیا، پاش هاتنەسەر حـوکم و یارمـەتیـدان و ناسـینی بە فــەرمـــانڕەوای خـــۆیان. هەروەک لە کـوژرانیـدا مـاتەم دەگـرن. ڕاپەڕینی خــەڵـک، زۆر درندانە بە کـــوشتن و چاودەرهێنان و گـوێبـڕین سـەرکـوت دەکرێ.

ناوی ویلایەتی کرماشان لەسەردەمی سناخـریب پادشـای ئاشـوور کـە لە ٧٠٥ی پێش زاین تا ســـاڵی ٦٨١ ژیاوە "المیبیی" (الیبی) بووە. 'کلمان مـولتـز' ڕۆژهەڵاتناس کـــە خـــەڵکی فـەرەنسـەیە، نێـوچەی کـرمـاشـان بە 'کـــامــبـــادنە' یان " کـــمــبـــادنە" و نێوەندەکەشی بە "بائووتاتا" و "بائوونا" نێـودەبا کـە دەکـەوێتـە نێـوان ئەم کرماشانەی ئێستە و کێوی بەنێوبانگی بێستوونەوە.

پیــرنیـا دەڵێ: "چەندین ڕێگە لە ئێرانی کۆندا گرنگی تایبەتیان هەبووە. یەکیان ئەو ڕێگەیە کە لە نێوان ڕۆبارە دەهاتە نێو ئێرانەوە و دەگەیشتە "ئەرتی نیا" کە نێزیک "قزڵ رباتی" ئێستایە. ئەو ڕێگەیەش پاش تێــپـــەڕبوون لە زاگرۆس و 'کامبادن' کە کرمـاشـانی ئەمـــڕۆیە، بەرەو نێـــوچەی 'کـــەرخـــە' دەڕۆیشت". ناوبراو هەروەها باسی لەشکرکێشییەکەی 'ئەسکەندەر دەکا و لە زمـــانی 'دیۆدوور خـــاراکس' ەوە دەڵێ: 'ئەسکەندەر لە "شـــووش" ەوە هات و پاش تێپەڕبوون لە "تیگریی" کە زێی کاروونە، هاتووەتە نێو گوندێک کە نێوی 'کـاردبی' بووە. لەوێڕا پاش چوار ڕۆژ گەیشتووەتە "سیتـا" و، لەوێشەوە بەرەو "سـامـباتا" چووە کە کرمـاشـانی ئەمڕۆیە.

"داندامایۆف" لە پەرتۆکی پاشاکانی هەخـامـەنشـیـیـەوە لەزاری "پولی تی" یەوە بێستوون بە سامباتا و کرماشان بە کـــامـــبـــادین نێـودەبات. بەردەنووسی بێستوون دەڵێ:

"ئەو بەردەنووسی لە کـامـبـادن لە نێوچەیەک هەڵکەوتووە کە ولاتی "ماد" ە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بێسـتوون لە نێـوچەی کرماشـاندا هەڵکەوتووە کە لەو سەردەمەدا پێیگوتراوە 'کامبادن'.

گـوتشـمـیــر لە تاریخی (ایران و ممالک همجوار آن) شاری 'کرند' بە 'کارینا' و کرماشان بە 'کامبادن' نێـودەبات. لە دایرەالمعـــارفی فـــارسی، لەژێر واژەی کرماشان دا نووسراوە، لە شوێنە کۆن و مێـژووییـەکانە. وێدەچێ سـەڵتـەنەتی مـادەکـان لەوێڕا دەسـەلات و شکۆی پەرەگـر بووبێ. ئەیالەتی کـامـبـادن، پاریـتـەکـان کـە ئـیـزیدۆر خاراکـسی باسیکردووە لەوێ دەبێ.

لەکـاتی بارامی یەکـەمی ساسـانی کوڕی شاپووری زول ئەکتاف، کە ناوزراو بە کرماشان بووە، بەهۆی ئەوەوە کە شای ویلایەتی کرمان بوو و، شاری کرماشانی سـەرلەنوێ ئاوەدان کـردەوە، ڕەنگە هەر ئەودەم ناوی کرماشان بە بەژنی براین.

ئەوە کـــە باسکرا، لەســـەریەرک هەبوونی کـرمـاشـان وەک نێـوەندێک دەپەرژێنێت، بەلام وەک زۆر مـەڵبەندی دیکە، لەسـەردەمی جیـاوازدا ناوی ئەو شـار و نێـوچەیە ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا هاتووە. دیارە دەبێ لە زۆر شــەڕ و پێکداداندا زۆرجـار کـاولکرابێ کـە کەسێک سەرلەنوێ ئاوەدانی کردووەتەوە و، نـاوێکی بـۆ دیاریکـردووە. وەک کۆماری ئیسلامی کە لەسەرەتادا ناوی ئەو شـارە بە باختـەران دەگـۆڕێ، بەلام بەهۆی پێداگرتنی دانیشـتـووانی پاش چەند سـاڵ کـرمـاشـان وەک ناوی ئەم ستانە دیسان جێگردەکرێتەوە.

مـێـژووی کـرمـاشـان لەسـەردەمی دەسەلاتی ئیسلامییەکان بەسەر ئێراندا، ڕوونتـرە و دەکـرێ ڕاشکاوانەتر باسی بکەین. بەلام پێش ئەوە سـەبارەت بە کـۆنبـوونی مـێـژووی نێـوچەکـە وەک بەڵگەیەکی تر ئاماژە بە دیکۆمـێنتـە گـرنگەکـانی هەورامـان و ناسـاندنی کـورتەیەک لەنووسـینی دوکتور جەمال رەشید مامۆستای زانستگە لە بەغداد (پەرتۆکی لێکۆڵینەوەیەکی زمـانەوانی مێژووی ولاتی کوردەواری)، پێویستە.

"لەسـەرەتای سەدەی بیسـتـەمدا، یەکـێک لە گـرنگـتـرین ڕووداوەکـانی مـێـژووی کـوردسـتـان کـە بوو بە هۆی دەرکـەوتنی ئالوگـۆڕ لەنێـوان چەند زانیـارییـەکی مـێـژوو و زمـان و ڕۆژهەلاتناسـیـــدا، دۆزینەوەی چەند بەڵگەیەکی چەرخی (هێلنی) لە سەدەی یەکی پێش زاین بوو، لە هەورامـان لە کـوردسـتـاندا کە بەهۆی سـەعـیدخـان دوکـتـۆری چاو لە شـاری سنە، سـاڵی ١٩٥٩، سێ پارچەیان گەیشتنەدەستی پسپۆڕەکانی بریتانیا. دوو لەو بەڵگانە پاش شـەش سـاڵ لەلایەن پرۆفـیـسـۆر "مـینس" شـیکرانەوە و لەگـۆڤـاری 'لێکۆڵینەوەی هێلنی' بلاوبوونەوە. سێیەمیان کە بەپیتی ئارامی نووسراوە، پاش دەساڵ لەلایەن کاولی ناوێک، بە وتارێک لەلایەن کـۆمـەڵەی ئاسـیـایی پادشـایی سـاڵی ١٩٦٩ ڕوونکراوەتەوە. هەرچەند دوکـتـۆر سـەعـیـد خان ڕوونی

بۆ لاپەڕە ٣٤